# ڕێوی فێڵەزان

ڕەحمان چوبەگزەن

ڕێوی یەکی فێڵەزان دەگەڕا هەتا ئاوالێکی گێژو حۆل پەیداکا کەکاری پێ بکاو وبەرهەمەکەی بۆخۆی بخوا بەو خەیالە وەڕێ کەوت هەتا گەیشتە کیسەلێک کدلەبن پنجە گڕالکێک بەکزوماتی دانیشتبوو. ڕێوی سلاوی لێکرد وپاش چاک وخۆشی گوتی:

"مامکیسەل بۆنایەی پێکەوە کارێک بکەین هەتا بژیوی زستانی خۆمان داخەین؟...

کیسەل گوتی:

"برالە ئەمن زۆرم پێ خۆشە وئامادەم بەو شەرتەی فێلم لێ نەکەی."

ڕێوی گوتی:

"زۆرباشە.جا چۆن ئەمن فێل لەتۆدەکەم؟ وەرەپێکەوە خەریک بین مەزاریەک بەگەنم داچێنین."

کیسەل وڕێوی پێکهاتن ومەزرایەکیان پەیدا کردو بنەتۆویان خڕکردەوە. ڕێوی رووی لەکیسەل کردوگوتی:

"مامکیسەل ئەتۆ زەوی یەکەی بکێلە، ئەمن لەمالوو کردنی زۆرباش دەزانم."

کیسەل زەوی کێلا وئامادەی کردوبەمامرێوی گوتکە. مالووی کا. ڕێوی گوتی:

"مامکیسەل جا ئەتۆ مالووی کە.تۆوچێنی وەک منت وەدەست ناکەوێ؟"

کیسەل زەوی مالووکردوگوتی:

"مامکیسەل ئەتۆتۆوەکەی بچێنە بۆئاو داشتنەکەی چاو لەمن کەبزانە چی پێ دەکەم."

کیسەل تووەکەشی چاند وڕێوی گوتی:

"مامکیسەل ئاویشی بدە جا دەبینی ئەمن چ پالەیەکم.هەر بۆخوم دەیدروومەوە."

کیسەل ئاویشی داشت.پاش ماوەیەک وەختی دروونەوەی گەنمەکەیان هات.ڕێوی گوتی:

"مامکیسەل ئەتۆگەنمەکەی بدروەوە. ئەمنیش گێرەی دەکەم."



